# نامەیەك لە دكتۆر ( كەمال سید قادر )ەوە پاش دادگای كردنی

من دكتۆر كەمال هاولاتی نەمسای رۆژی 19 / 12 / 2005 حوكمی 30 سال زیندان كردنم درا بەسەردا كە ئەمەش بەهۆی نووسین و بلاوكردنەوەی وتاریكەوە لە رێگەی ئەنتەرنیتەوە. لە روانگەی منەوە ئەم دادگای كردنە هیچ شەرعیەتێكی نی یەو هیچ پەیوەندیەكی بە داگای كردنی یاساوی و ئسولی یەوە نی یە. ماوەی سەعاتێك بەر لە دادگای كردنم قسەم لەگەڵدا كراو ئاگاداركرامەوە بەوەی كە ئەم دادگای كردنە بۆ ئازادكردنتانەو وە هیچ شتكی تایبەت نی یە، بەجیا لە دادگای یەكی شكلی بەو مەبەستەی كە وانیشان بدرێت كە دراوی بە دادگا. هیچ نووێنەرێكی یاسایم بۆ دابین نەكراو هیچ پارێزەرێكم نەبوو، لەكاتی چوونە ژوورەوەمدا بۆ ناو هۆلی دادگای پاریزەرێكیان پیٚ ناساندم كە منی نەدەناسی و هیچ زانیاریەكی لەسەر مەسەلەكەم نەبوو. بۆ ماوەی پینج دەقیقە مولّەتیان پێدابن بۆ قسەو باس كردن لەگەل یەكتردا.... من بەهیچ شێوەیەك دان بەم دادگای كردنەدا نانێم و وەك دادگایەكی یاسای بەرەسمیی ناناسم .......

كەمال سید قادر كریم
كوردستان – هەولیر
2005 / 12/ 19